# هەولێر
## بۆ ماوەی چوار رۆژ حکومەت و دەوڵەتێکی وەهمی دادەمەزرێت



لەشاری هەولێرو لە هوتێلی تاوەری هەولێر لەلایەن رێکخراوی(ASK)و پەیمانگەی ئاشتی ئەمریکی (USIP)، پێنجەم خولی مەشق و راهێنان بۆ پەرەپێدانی توانای بەرپرسانی حکومی و کەرتی تایبەت و نێودەوڵەتی لەژێرناوی ( پلانی ستراتیژیەتی ئابووری و کۆمەلایەتی و ئاسایش)ئەنجامدرا، خولەکە لە (٢٠٠٧/٢/١٩)دەستیپێکرد و ماوەی چوار رۆژی خایاند بە بەشداری (٥٦)کەس کە (٢٢)بەشداربوو ئەندامی ئەنجومەنی نیشتمانی واتە پەرلەمانی عیراق بوون و سەر بە لیستە جیاجیاکان بوون و لە لایەن (٢٠)راهێنەرەوە کەلە لەندەن و بەغداوە هاتبوون و لە لایەن رێکخراوی (IIER)وە دابینکرابوون .

بەرێز (رێبین رەسول)لە بارەی خولەکەوە رونیکردەوە:

ئەم خولە پێنجەمین خولە لە لایەن رێکخراوی (ASK) بۆ راهێنانی بڕیار بەدەستان لە بارەی ستراتیژیەتی سیاسی و ئابووری و ئاسایش و حکومەتی ئەلکترۆنی رێکدەخرێن کە دووخول لە هەولێر و دووخول لە سلێمانی و دهۆک . خولی پێنجەمیش تایبەتە بە بەغداد کەلە شاری هەولێردا بەڕێوەدەچێت و بڕیاربوو خولەکە پێنج رۆژ بخایەنێت چڕکرایەوە بۆ چوار رۆژ و تیۆری و پراکتیکی لەخۆگرت. لایەنی تیۆری بریتی بوو لەچەند موحازەرەیەک دەربارەی چارەسەری کێشەکان و شێوازی مامەڵەکردن لەگەڵ کێشەکان و هونەری دانوستاندن و رۆڵی ناوبژیوانی لە چارەسەری ململانێی نێوان لایەنەکان . بەلام لایەنی پراکتیکی بریتی بوو لە مەشق و راهێنانی بەشداربووان لە بەڕێوەبردنی دامەزراوە حکومی و تایبەتی و نێودەوڵەتیەکان و دامەزراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی لە رێگەی حکومەتی ئەلکترۆنیەوە . کارەکانیش لە رێگەی کۆمەڵێک کۆمپیوتەری بەیەکترەوە گرێدراو و ناسراوە بە سیستەمی (network system)ئەنجام دەدرێت و خولەکە بریتیە لە رۆڵگێرانی جیاجیا لە دامەزراوە شانەییەکان (افتراضی) و هۆڵەکە وەکو دەبینین دابەشکراوە بەسەر گروپەکان و هەموو کارەکانیان بەهۆی کۆمپیوتەرەوەیە کە ناسراوە بە حکومەتی ئەلکترۆنی:ـ

١. گروپی یەکەم کەرتی حکومین بەهەردوو دەستەکەیەوە یاسادانان و جێبەجێکردن .

أ - دەسەلاتی یاسادانان (پەرلەمان)بۆ ئەندامانی ئەم

گروپە ئەو زانیارییاریانە دەستەبەر دەکرێن کەبەشداربوو چۆن ڕۆڵ بگێرێت لە وەرگرتنی ئەو بریارانەی کاریگەری لەسەر داهاتووی ولأت وەکو تەرخانکردنی بودجەی سەربازی و مەدەنی وچۆنیەتی دیاریکردنی باج و رسوماتی گومرگ و دیاریکردنی مووچەی فەرمانبەرانی سەربازی هەڵوێستن لە بارەی وەبەرهێنانی بیانی و بەتایبەتیکردن .

ب - دەسەلأتی جێبەجێکردن (حکومەت)و هەوڵدەدرێت بەشداربوو ئەو زانیارییانەی بۆ فەراهەم بکرێت کە تایبەتن بە بەرێوەبردنی دەوڵەت و وەزارەتەکان و تەنانەت رۆڵی سەرۆک وەزیرانیش دەبینرێت کە بایەخ دەدات بە دارشتنی ستراتیژیەتی دەوڵەت و چاودێریکردنی چالأکی وەزیرەکان و کاریگەری بریارەکانیان لەسەر بەرەوپێشبردنی خزمەتگوزاری کۆمەلأیەتی بە هاوولأتیان و گەیشتن بە قۆناغێکی باشتر . خولەکە بایەخێکی بەرچاو بە وەزارەتەکانی بەرگری ، ناوخۆ ، دارایی ، بازرگانی ، گەیاندن ، گەشت وگوزار ، ژینگە ، دەدات . مەشقپێکراوانی وەزارەتەکان هەڵدەستن بە بەسەرکردنەوەی توخمە کاریگەریەکانی کار و باشترین شێوازی وەبەرهێنان لە وەزارەتەکان و پێشکەشکردنی باشترین خزمەتگوزاری .

٢ . کەرتەکانی حکومەت : ـ لایەنەکانی ئاشنابوون و مامەڵەکردن لەگەڵ ولأتانی کۆمەک بەخش و رێکخراوە نێودەوڵەتیەکان و دامەزراوە ناحکومیەکان و رێکخراوە نێودەوڵەتیەکانی دارایی و ئاوەدانکردنەوە و فریاگوزاری و کۆمپانیا زەبەلاحەکان و ..... هتد دەگرێتەوە .

٣ . أ - کەرتەکانی تایبەت : ـ راهێنراو فێردەکرێت چۆن مامەڵە لەگەڵ چالأکی و خزمەتگوزاری لە بانقەکان



رێبین رەسول ـ رێکخراوی ASK

بکات و شارەزایی سیاسەتی دارایی و شێوازەکانی کارکردنی بانقەکان و کاریگەریان لەسەر جوڵەی بازاڕ و بازرگانی .

ب – کەرتی کۆمپانیا تایبەتیەکان : ـ مەشقپێکراو رادەهێنرێت رۆڵی جیاجیا ببینێت لە کاری کۆمپانیا تایبەتیەکانی ناوخۆیی و دەوڵەتی و هونەری دانوستاندن لەگەڵ دامەزراوەحکومیەکاندا .

v دەربارەی شێوازی کارکردن لەم خولەدا بەرێز (رێبین رەسول)رونیکردەوە : ـ

v بەرنامەی حکومەتی ئەلکترۆنی کەلێرە لەهۆڵێکدا چرکراوەتەوە بانگراوندەکەی بەرنامەی (سنس SĔNSE)ە کورتکراوەی رستەیەکی ئینگلیزییە و مانای (مەشقکردن بۆ گێرانەوەی پێداویستیەکانی ئابووری و ستراتیژی و ئاسایش)کە بریتیە لە ژینگەیەکی شیانەکراو (افتراضی) .ئەم بەرنامەیە لە ١٩٩٧دا بەهاندانی ژەنەراڵ (ویسلی کلارک) لە لایەن سەنتەری توێژینەوەی بەرگری داهێنراوە و تایبەتە بەراهێنانی حکومەتی ئەلکترۆنی . یەکێک لە حکومەتە راهێنراوەکان بەم بەرنامەیە حکومەتی بۆسنەیە کەلە دوای





دکتۆر ئیسماعیل شوکر ئەندامی ئەنجومەنی نیشتمانی

کۆتایی هاتنی شەری ناوخۆیی لەم بەرنامەیە سوودمەندن . لەساڵی (٢٠٠٤)دا پنتاگۆن بریاریدا بەرنامەی (SENESE ̌) ببێتە بەرنامەیەکی جیهانی ، بۆیە سە نتە ر ە کە مافی فرۆشتنی پرۆگرامەکەی بۆ هەموو وڵاتانی جیهان هەیە . هەروەها لە خۆرهەڵاتی ناوەراست پرۆگرامەکە فرۆشراوەتە سەنتەری عیراقی بۆ ریفرۆمی ئابووری (IIER) . ئەم سەنتەرە بۆی هەیە لەهەموو خۆرهەڵاتی ناوەراست خولی لەمجۆرە بکاتەوە و ئێمە وەکو رێکخراوی (ASK)توانیومانە پێنج خول بکەینەوە لە چوارچێوەی بەرنامەی SENSE کەلە هیچ وڵاتێکی خۆرهەڵاتی ناوەراست بەم ژمارەیە خول نەکراوەتەوە .

بەرێز دکتۆر ئیسماعیل شوکر ئەندامی ئەنجومەنی نیشتمانی لە لیستی هاوپەیمانی کوردستانی لەبارەی خولەکە وتی ئێمە لەم هۆڵەدا حکومەتێکی شیمانەیی (افتراضی)مان پێکهێناوە و حکومەتێکی ئەلکترۆنییە ، بە هاوکاری وڵاتانی کۆمەک بەخش و دامەزراوە نێودەوڵەتییەکان وڵاتێکی وێران بنیات دەنێینەوە ، بۆئەم کارە وڵاتی (ئاکرۆنا AKRONA)بە نموونە وەرگیراوە و کاری لەسەر دەکەین (وڵاتەکە بونی نییە و وەهمییە)کەلەهەموو رویەکەوە پێکهاتەکەی لە عێراق نزیکە ، وڵاتێکە ژمارەی دانشتووانی (١٨)ملیۆن کەسە لەساڵی (١٩٩٩)شەری ناوخۆیی تیاهەڵگیرساوە و ئێستا (١٥)ملیۆن کەسی لێدەژی ئەوانی تر کوژراون ویان ئاوارەی وڵاتان بوون لەسێ نەتەوە و ئیتنی سەرەکی پێکهاتوون ، شەری ناوخۆیی تاساڵی (٢٠٠٣)درێژەی کێشاوە و تاکەکانی ئەم کۆمەڵگایە ئینتمایان بۆ مەزهەبە بەپلەی یەکەم و لە لایەن ئەمەریکا و یەکێتی ئەوروپا ئاشتی بەسەر لایەنە ناکۆکەکاندا سەپێنراوە ، بەڵام هێشتا ئەم وڵاتە لەبەردەم دووریانێکە . چۆن دەکرێت لەرێگەی حکومەتی ئەلکترۆنیەوە کارەکانی حکومەت بۆ ئاوەدانکردنەوە و بەرێوەبردنی وڵات بەرێوەبچێت و دانوستاندن و پەیوەندی لەگەڵ وڵاتانی کۆمەکبەخش و رێکخراوە نێودەوڵەتیەکان ئەنجام بدرێت لەراستیدا خولەکە زۆر گرنگە و هیوادارم حکومەت و پەرلەمانی کوردستانیش لەم جۆرە خولانە بەشداربن چونکە ئاشکرایە لە عیراق و کوردستان کار بۆ دامەزراندنی حکومەتی ئەلکترۆنی دەکرێت .

